# دنیا، لە یەکساڵی دوای ١١ ی سێپتەمبەردا

**ڕێبوار ئەحمەد**

ساڵێك‌و چەند ڕۆژ لەمەوبەر خەڵکی دنیا بە کارەسات‌و تراژیدیایەکی ئینسانی گەورە ویژدانیان ڕاچڵەکی‌و شەپۆلی نەفرەت لە تاوانکاری ئیسلامی سیاسی سەراسەری دنیای داگرت. ڕۆژی ١١ی سێپتەمبەر ئەوەی لە واشنتۆن‌و نیویۆرك ڕوویدا جاریکی‌ترو لەسەرەتای سەدەیەکی نوێدا کورەکانی ئینسان سوتاندنی سەردەمی نازیەکانی وەبیر بەشەریەت هێنایەوە. ئەمجارەیان ئیسلامی سیاسی لە تاوانکاریدا داهێنانێکی تازەی خوڵقاند. تەنانەت سنوری ئەو بەربەریەتەی تێپەراند کە لە جەنگ‌و کوشتارو ملپەڕاندن‌و داگیرکاریەکانی سەردەمی خەلیفەو ئیمپراتۆرە ئیسلامیەکان‌و لە شەپۆلی ئینسان کوژی‌و خوێنخۆری ئاخوندەکانی ئیران‌و چەتەکانی ئەفغانستان‌و تەنانەت لەو شمشیر بە دەستانەی جەزائیریش بینراوو بیسترابوو کە دەیانگوت "مادام کە خوا چەقۆو شمشیری داوە گوناحە فیشەك بە کوشتنی ئینسانەوە خەسار بکەین".

لە ١١ی سێپتەمبەردا بەسەدان ئینسانی مندال‌و گەورەی بێتاوان‌و بێئاگا لە حاڵێکدا لە نێو خەیاڵاتی خۆشی سەفەریان بوون بەرەو جێگای مەبەست، لەلایەن دڕندە ئینسان کوژەکانی ئیسلامەوە کران بە بۆمب‌و باروت‌و سوتەمەنی داخستنی کورەی ئینسان سوتاندن بۆ هەزاران ئینسانی دیکەی هەر لە بابەتی خۆیان. لە چاوتروکانێکدا ئەو سەدان کەسە تەقێنرانەوەو کڵپەی ئاگریان هەزاران کەسی دیکەی خستە ناو بورکانەوە. پولێك مندالی ساواو شەپۆلێکی گەورە لە ئینسانی بێتاوان لە نێو کورەی ئاگردا بەدەم زریکەو ناڵەی بێهودەوە بوون بە خوڵەمیش. بەم جۆرە فاشیزمی ئیسلامی ڕق‌و قین‌و هەڕەشەی دڕندانەی خۆی لە ئینسانیەت بۆ سوتاندنیان لە نێو ئاگری جەهەنەمدا هەر لەسەر ڕووی ئەم زەویە پیادەکرد. کارەساتێکی ئینسانی گەورەی خوڵقاندو نیشانیدا کە تا چ ڕادەیەك قین‌و نەفرەتی لە دەرونی خویدا دژ بە بەشەریەت هەڵگرتوەو ئەگەر بۆی بکرێ چ ڕۆژگارێکی ڕەش‌و خوێناویی کارەساتبار بەسەر کۆمەڵگای ئینسانیدا دەهێنێ.

چەپەڵکاریی ئیسلامی سیاسی لە ١١ی سێپتەمبەردا دنیای خستە نێو دەورەیەکی تازەوە، دەورەیەکی تاریك‌و ترسناك. سوتاندن‌و تارومارکردنی کۆمەڵگای بەشەری لە شەڕو کێشمەکێشی نێوان تیرۆریزمی ئیسلامی‌و تیرۆریزمی دەوڵەتیدا بەڕابەری ئەمریکای ناوەندی سەرەکی چەکی ئەتۆمی‌و کۆکوژ، بوو بە هەڕەشەیەکی واقعی لەسەر جیهان. تەنانەت بانگیشەی ڕاشکاوانە بۆ بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی، ڕاشکاوانە بە گوێی ملیارەها ئینسانندا دەدرا. دەوڵەتی ئەمریکا لە کاتێکدا فرمیسکی تیمساحی بۆ قوربانیەکانی کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر هەڵدەوەراند، لە دڵەوە پێشوازیەکی گەرمی لەو ڕووداوە کردو وەکو فرسەتێکی گەورە چاوی لێکرد کە دەتوانێ بیقۆزێتەوەو بیکاتە بەهانەی بەڕێخستنی جەنگ‌و وێرانکاری‌و لەشکرکێشی‌و هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکە کۆکوژەکان بۆ چاوترسێن کردنی بەشەریەت‌و جڵەوکردن‌و دەستەمۆکردنی ئیسلامی سیاسی‌و خۆسەپاندنی بەسەر ڕەقیبە جیهانیەکانیدا. بۆ ئەم مەبەستە بەخێرایی کەوتە فەزا سازکردن‌و نەخشەداڕشتن‌و لە ماوەی کەمتر لە چەند هەفتەدا بەرنامەی شەڕێکی خوێناوی‌و خەتەرناکی ١٠ ساڵەی بە خەڵکی جیهان ڕاگەیاندو ئیتر جیهان بەکردەوە کەوتە ناو ئاگری شەڕی تیرۆریستەکانەوە.

## بەرەکانی جەنگی دوو جەمسەری تیرۆریستی

### شەرق‌و غەربی دنیا

هاوکات لەگەڵ بانگەوازی ئەم جەنگە سەراسەری دنیای کرد بە مەیدانی خۆی. پێش ئەوەی نۆرە بگاتە سەر بەکاربردنی بۆمبی وێرانکەر، لە تەواوی غەربی دنیادا بە ئەمریکاو ئەوروپاو ئوستралیاو کەنەداوە هاندانی ڕەگەزپەرستانەی ڕاسیستی لە دژی خەڵکانی بێتاوانی شەرقی‌و بە تایبەت ئەوانەی بە ڕەگەز عەرەب‌و بە دیانەت موسڵمان بوون دەستی پێکرد. کار تەنها بە سوکایەتی‌و ترساندن کۆتایی نەهات بەڵکو خەڵکێکی زۆر ناچارکران شوێنی کارەکانیان بەجێبهێڵن‌و لە کونی ژورەوە خۆیان زیندانی بکەن، چەندین ماڵ‌و ناوەندی کۆبونەوەی ئەم خەڵکانە کەوتنە بەرپەلاماری ڕاسیستی‌و چەندین کەسیش بە فیشەك‌و چەقۆ خەڵتانی خوێن کران. لە ڕێگای بەڕێخستنی باندو گروپە فاشیستەکانەوە فەزایەکی ترسناك هەم لە دژی خەڵکی شەرق‌و هەم

لە دژی خودی دانیشتوانی غەرب سازکرا. خەڵکانی شەرقی دانیشتوانی غەرب بە تایبەت بە دیانەت موسڵمانەکان کەوتنەبەر هەڕەشەرەی ڕاسیستی و خودی خەڵکی غەربیش لەو فەزا تیرۆریستیەدا کە سازکرابوو نەك تەنها سڵیان لە سواربوونی فرۆکە دەکردەوە بەڵکو لە ناو ماڵی خۆیاندا دوو دڵی‌یان لە ئاوخواردنەوەو کردنەوەی کاغەزی پۆست و تەنانەت هەڵمژینی هەواشدا پەیدا دەکرد. لە بەرامبەریشدا بە هەمان شێوەو بە هاندانی فاشیزیمی ئیسلامی لە وولاٌتانی شەرقدا بە تایبەتی لەو جێگایانەی کە ئیسلامی سیاسی مەیدانی بوو، پەلامار بۆسەر خەڵکی غەربی و بە دیانەت مەسیحیەکانی دانیشتوی ئەو وولاتانە دەستی پێ‌کردو تەنانەت لە نێو ماڵەکانی خۆشیاندا حەوانەوەیان لێ هەڵگیرا.

## کوردستان

لە کوردستان ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر خوێنی پەڕاندە چاوی ئیسلامی سیاسی و بن لادنەکانی و ئەوانیش کارەساتی ٢٣ی سێپتەمبەریان خولقاند. لەو ڕۆژەداو لە چوارچێوەی هەمان فەزای شەڕی تیرۆریستەکاندا ٤٧ حەوت ئینسانی دیلکراوو دەستبەستراو لە ناوچەی هەورامان بە شمشێرو قەمەی ئیسلامی سەربڕران و لاشەکانیان لەت‌وپەت کرا. ئەم ڕووداوە ویژدانی تەواوی خەڵکی کوردستانی ڕاچڵەکاندو نەفرەتی ئەو خەڵکەی لە دژی ئیسلامی سیاسی بەوپەڕی خۆی گەیاندو ڕۆژی ١ی ئۆکتۆبەر جەماوەری خەڵك بە ڕیزی سەدان هەزاری لە دژی بەربەریەتی ئیسلامی و لەپێناو هەڵپێچان و ڕیشەکێشکردنیدا هاتنە سەر شەقامەکان. ئەو ڕۆژگارە ئیتر بوار بۆ سات و سەودای ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردیی لەگەڵ باندە ئیسلامیەکان نەمایەوەو ناچاربوون لەگەرماوگەرمی ئەو جۆش و خرۆشەدا ڕیاکارانە خۆیان بخەنە پاڵ ئەو شەپۆلی نەفرەتە. بەڵام لەگەڵ کپ بوونەوەی ئەو جۆش و خرۆشەدا ئەحزابی دەسەڵاتدار دیسانەوە گەڕانەوە سەر مەزهەبی سات و سەودای خۆیان. لە پێشدا بە دابەش کردنی ئیسلامی سیاسی بەسەر "ڕەسەن و ناڕەسەن"دا دەستی باندەکانی هاوکارو "شورە"ی خولقێنەرانەی ٢٣ی سێپتەمبەریان ڕاکێشایەوە بۆسەر دڵی خەڵك و پاشانیش بێباکانە بە بەرچاوی خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژی ١ی ئۆکۆتبەرو کەس و کاری ٤٧ لەت‌وپەت کراوەکەوە وتیان "لە پێناوی ئاشتی و ئاسایش و بەرگرتن لە خوێنڕشتن، سیاسەتی پشوودرێژی شۆڕشگێڕانە دەگرینەبەرو لە خوێنی ئەو ٤٧ کەسە خۆش دەبین". لەم پێناوەشدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوتە هەڵڕشتنی تانەوتەشەری پروپوچ لە دژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەوێنەی ڕەمزو ڕابەری خەبات و خواستی جەماوەری خەڵك بۆ هەڵپێچان و ڕیشەکێش کردنی تیرۆریزمی ئیسلامی. ئەم سیاسەتە درێژەی پەیداکردو دەستی بەشێکی زۆر لە باندە ئیسلامیەکان ڕاکیشرانەوە بۆ سەر ژیانی خەڵك و بەپێی سیاسەتی "پشوودرێژی شۆڕشگێڕانە"ش هودنەو سات و سەودا لەگەڵ باندی جوندی ئیسلام دەستی پێ‌کرد. تا سەرئەنجام ئەمجارە هەڵکەندنی قەبری شێخەکانی نەقشبەندی چەند بەرابەری لەت‌وپەت کردنی ٤٧ ئینسانە زیندەوەکەی هەورامان جەرگی ئەحزابی حاکمی کوردیی هێنایە ژان و ناچاری کردن بە شیروتیر باندان لە جوندی ئیسلام و "شورەکانی".

## ئەفغانستان

لە ئەفغانستان تەپڵی شەڕو لەشکرکێشی بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی چەتەکانی تاڵیبان و بن لادنی دەسکەلاو دەستسازی دوێنێی خۆیان لێدرا. ئامانجی ئەمریکا لەم شەڕەدا شتێك نەبوو جگە لە جڵەوکردنی ئیسلامی سیاسی و خۆسەپاندنی بەسەر دنیادا، بەڵام بەناچاری لەم نێوەدا دەسەڵاتی تاڵیبان تەفروتونا دەبوو. بەم جۆرەش پەڵەیەکی ڕەش و چڵکن لە کۆڵی خەڵکی ئەفغانستان بووەوەو یەکێك لە سەرچاوە گەورەکانی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی سەری‌تێنا. خەڵکی ئەفغانستان خۆشحاڵیان لە داڕوخانی تاڵیبان دەربڕی و نۆرەیان بۆ ڕیشتاشین گرت. بەڵام تیرۆریزمی ئەمریکا تەنانەت لەشەڕی ڕووخاندنی تاڵیبانیشدا نەیهیشت خەڵکی مەحرومی ئەفغانستان بێ‌تۆز دەرچن، بە بۆمبارانی کوێرانەی شارەکان و شوێنی کاروژیانی خەڵك شەپۆلێکی دیکە لە خەڵکی بێ‌تاوانی کرد بەقوربانی و بنەماکانی ژیانی بە یەکجاری داڕوخان. سەرئەنجامیش کۆمەڵێك داروەستەی قەومی و ئیسلامی و عەشایەری تازەی لە جێگای تاڵیبان بەسەر خەڵکی ئەفغانستاندا داسەپاندەوە. بەم جۆرە دوای تاڵیبانیش تا ئێستا خەڵکی مەحرومی ئەو وولاٌتە هەر گیرۆدەی کۆنەپەرستی قەومی و ئیسلامی و عەشایەرین و بە دەست بێ مافیەوە دەناڵێنن و قانوون و داب و نەریتە پیاوسالاریەکان کابوسی سەردڵی ژنانن.

## فەلەستین

لە فەلەستین دنیای دوای ١١ی سێپتەمبەر بواری بەڕووی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیلدا کردەوە تا بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی ئەمریکاو بەبەرابەریی جەلادێکی وەکو ئەریل شارۆن بە دڕندانەترین شێوە بکەوێتە قەتلو عامی خەڵکی فەلەستینو گۆماوی خوێن بەرێبخاتو پێ لە هەموو ڕێکەوتنامەکانی سەبارەت بە صلح بخشێنێ. لەبەرامبەریشدا تیرۆریزمی ئیسلامی کە خۆی بە کێشەی فەلەستینەوە هەڵواسیوەو دەیەوێ سوار شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵکی ئەو وولاتە بێت لە دژی ئیسرائیلو ئەمریکا کە بە حەق وەکو سەرچاوەو هۆی بێمافیەکانی خۆیان چاوی لێ دەکەن. بەم جۆرە ئەویش لە ڕێگای سازماندانو پەرەپیدانی نەریتی دژی ئینسانی خۆکوژیو خۆتەقاندنەوەوە کە وەکو کاردانەوەیەك لە بەرامبەر تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیلو گۆشەیەکی کێشمەکێش لەگەڵ ئەمریکا دەستیان بۆ بردوە، ڕۆژانە پۆل پۆل خەڵکی مەدەنیو بێتاوانی ئیسرائیلی کردوە بە قوربانیو لە پێناو جێگاوڕێگاو بەشە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا سڵی لە هیچ تاوانکاریەك نەکردوەتەوە. چ لە سوتاندنی هەردوو خەڵکی بێتاوانی فەلەستینو ئیسرائیل لە ئاگری شەڕی تیرۆریستیداو چ لە بەنبەست گەیاندنو لەباربردنی پرۆسەی ئاشتیدا، دەوری چەپەڵی خۆی گێراوە. ١١ی سێپتەمبەرو ئاکامەکانی فەلەستینی خوێناوی بە جارێ کرد بە گوماوی خوێنی خەڵکی بێتاوانو دوو لای تیرۆریستی هەوسارپچڕاوی بەرەڵای گیانی خەڵکی ستەمدیدەکردو ڕۆژ ڕەشیو مەینەتەکانی خەلکی فەلەستینیشی بەوپەڕی خۆی گەیاند.

## عێراق

لە عێراقیش یەکەمین ئاکامی ئەم بارودۆخە توندکردنەوەی سیاسەتی حصاری ئابوریو مەحروم هێشتنەوەی منداڵانو خەڵکی عێراق بوو بۆ سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەو ڕاگرتنی کۆمەڵگایەك لە برسێتیو هەژاریو بێ داودەرمانیو سەرگەردانیو چاوەروانی چارەنوسی نادیاردا. لە هەنگاوی دووەمیشدا لە چواری چێوەی "جەنگی دژی تیرۆریزم"دا بایەقوشی ئەمریکا لە ئاسمانی عێراقدا دەستی بە فڕین کردو چاوەڕێی نیشتنەوەی دەکەن بۆ بەڕێخستنی جەنگو لەشکرکێشیو کوشتاری بە کۆمەڵ. ڕواڵەتی ئامانجی ئەمریکا لەم شەڕەی کە هەڕەشەی بۆ دەکات "گۆڕینی ڕژێم"ە بەڵام وەکو خۆیان دەڵێن مەبەست لەم گۆڕینە کۆتاییهێنانە بە دەسەڵاتی صدام حسین، نەك ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس.

صدام حسێنو ڕژێمەکەی خاوەنی ٣٠ ساڵ تاوانکارین بەرامبەر خەڵکی عێراقو لە هیچ وەحشیگەریەك دەستیان نەپاراستوە، بۆیە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو ئەم خەڵکە پڕ بەدڵ خوازیاری ڕووخانی ئەم ڕژێمەو سەروژێرکردنی دەسەڵاتی صدام حسێنن و هیچ ساتێك لە خەبات لە پێناو ئەم مەبەستەو هیچ فرسەتێك بۆ ئەم کارە لە دەست نادەن، بەڵام ئەوەی ئەمریکا بانگیشەی بۆ دەکاتو بە گەرمی خەریکی زەمینە سازیو خۆ ئامادە کردنە بۆی پێش ئەوەی شەڕێك بێت لەگەڵ ڕژێمی بەعسو تەنانەت پێش ئەوەی بۆ کۆتایی هێنان بێت بە دکتاتۆریەتی صدام حسێن، شەڕێکە لە دژی خەڵکی عێراقو ئاواتو ئامانجە ئینسانیو ئازادیخوازانەکانیان. بەڕێخستنی سیناریۆیەکی ڕەشە کە ئاکامی ڕاستەوخۆی دەتوانێ ڕاکێشانی کۆمەڵگای عێراق بێت بۆ ناو کارەساتو ڕۆژ ڕەشیو گیرۆدەکردنی خەڵکەکەی بە مەینەتیو بۆمبارانو کوشتارو ئاوارەییو کۆنەپەرستیو خاپورکردنی کۆمەڵگا. ئەمریکا ١٢ ساڵە بە بەهانەی لاوازکردنی دەسەڵاتی صدام بە حصاری ئابوریو چەکی کۆکوژ قەتلو عامی خەڵکی عێراق دەکاتو کۆمەڵگای تا سەر لێواری هەڵوەشان بردوە، ئەمڕۆش دەیەوێ لە ژێر ناوی کۆتایی هێنان بە دکتاتۆریەتی صدام حسێندا شیرازەی کۆمەڵگایەکی بیستو چەند ملیونی هەڵوەشێنێو لە خوێنی هەڵکێشێ. تەنانەت سڵ لەوە ناکەنەوە کە ڕاشکاوانە هەر بەم بەهانە پوچە هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی ئەتۆمی بکەن.

ئاکامی ئەم شەڕە جگە لە نابوت کردنی کۆمەڵگاو بنەماکانی ژیانو کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵك، لە غیابی بەدیلێکی ئامادەدا ڕووی لەوەیە هەلومەرجێکی تیکەولیکەی سیاسی ئەوتۆ بخوڵقێنێ کە کۆمەڵگا بخاتە ناو گێژاوی شەڕوکێشەی دەستەو تاقمی جۆراوجۆری قەومیو دینیو باندی چەکدارەوە. هەرکاتیش ئەمریکا بەدیلێکی بۆ ساغبێتەوە، ئەو بەدیلەی کە پشت بە بۆمبارانو جەنگی ئەمریکا دێتە سەرکار ئەگەر لە ڕژێمی صدام ملهورو کۆنەپەرستتر نەبێت بێگومان لەو باشتر نابێت. جیاوازیەکەی ڕەنگە ئەوەبێت کە سەرباری سەرکوتگەریو کۆنەپەرستی، ڕژێمێکی گوێلەمشتی ئەمریکاو ئیسرائیلێکی دیکە دەبێت لە ناوچەکەدا. تەنانەت ئەم شەڕە بە پێچەوانەی ئەوەی لە ئەفغانستان ڕوویدا ئیسلامی سیاسی بەهێز دەکاتو بواری ئەوەی پێ دەدات قیناعی وەستانەوە بەرامبەر کوشتارو وێرانکاری لەسەر بکات. هەروەها ناسیونالیزمی عەرەبیش بەهێزتر دەکاتو مەیدانی پێ دەدات لە بەرامبەر حزورو دەخاڵەتی ملهوڕانەی ئەمریکا لە گۆشەیەکی دنیای عەرەبدا جەماوەری خەڵك بکێشێتە پشتی خۆی.

لە ئاستی نیونەتەوەییشدا ئامانج لەم شەڕە ئەوەیە کە ئەمریکا لە فرسەتی دوای ١١ی سێپتەمبەر بۆ سەپاندنی باڵادەستی خۆی بەسەر دنیاو ڕەقیبەکانیدا کەڵك وەرگرێ. دەبێ درێژە بە "جەنگ دژی تیرۆریزم" بدات، بۆ ئەمەش دەبێ مەیدان وبەهانە پەیدا بکات. عێراق گونجاوترین مەیدانەو فایلەکەی ١٢ ساڵە کراوەیەو ئەمریکا نەیتوانیوە بەلایەکیدا بخات، دکتاتۆریەت و هەڕەشەی صدام حسینیش لە ئەمنی قومی ئەمریکاو ناوچەکە باشترین بەهانەیە. ئەمە تەواوی ناوەرۆکی واقعی سیناریۆیەکە کە ئەمریکا دەیەوێ بەڕێیبخات.

نابێ هیچ خۆشباوەڕیەك لەوەدا هەبێت کە ئەم سیناریویە خۆی لە خۆیدا نەك فرسەت خوڵقێن نیە بۆ خەڵکی عێراق بەڵکو ڕووی لەوەیە کە ئەوان دوچاری گەورەترین ڕۆژ ڕەشی بکاتەوە. بەڵام ئەگەر خەڵکی عێراق بە ڕابەری و ئیبتکاری هێزێکی وەکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بتوانن لە جەرگەی ئەم ئەوزاعەدا فرسەت بۆ تەفروتوناکردنی ڕژیمی بەعس، یان بەدەستێهانی هەر ئاستێك لە ئامانجەکانیان بخوڵقێنن، کە دەبێ بە هەموو توانا هەوڵی بۆ بدەن، ئەمە ئیتر ڕەوتێکی جیاوازو ناکۆکە بە ڕەوتی ئەصڵی ڕەوەندێك کە ئەمریکا دەیەوێ بەڕێیبخات و بەشێك نیە لەو ڕەوەندە.

## هەڵوێست و سیاسەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە بەرامبەر بارودۆخی دوای ١١ی سێپتەمبەردا

کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئێران هەر لە سەرەتاوە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری بەوێنەی کردەوەیەکی دڕندانەی تیرۆریستی و کارەساتێکی ئینسانی بە توندی مەحکوم کرد. لە هەنگاوی دووەمدا ئەبعادی خەتەرناکی ئاکامەکانی ئەمەی لێکدایەوەو لە دەمی منصور حکمت ڕابەری ئەم بزووتنەوەیەوە ڕاگەیەنرا کە کۆتایهێنان بە تیرۆریزم کاری ئێمەیە. دنیا لە مەترسی شەڕی دوو قوتبی تیرۆریستی بە ئاگاهینرایەوەو بانگەوازی کرد بۆ وەستانەوە بەرامبەر هەردوو قوتبەکە، هەم تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکاو هەم تیرۆریزمی ئیسلامی. لە بەرامبەر فتوای جۆرج بوشدا کە ووتی (دەبێ یان لەگەڵ ئەمریکابن یان لەگەڵ تیرۆریزم)، منصور حکمت ووتی (نا قوتبی سێیەم هەیە، جیهانی موتەمەدن هەیە، ووتی بەربەریەت حەتمی نیەو دەکرێ بەری پێ بگیرێ).

لەبەرامبەر هێرشی ڕاسیستی بۆ سەر ڕەگەزی شەرقی و بە دیانەت موسڵمانەکانی غەرب و تەحریکاتی ئیسلامی لە دژی غەربی و بە دیانەت مەسیحیەکانی شەرقدا، کۆمۆنیزمی کرێکاری سەرباری دژایەتی توندی لەگەڵ دین، بە توندی دژی هەردوو ئەو هێرشانە ڕاوەستایەوەو بەرگری لە مافە سیاسی و مەدەنیەکانی ئەو خەڵکانە کرد کە کەوتنە بەر زەخت و زۆرو پەلامار. ڕایگەیاند کە ئەوان پەیوەنیەکیان بەم شەڕو کێشمەکیشە تیرۆریستیەوە نیەو دەبێ ماف و حورمەتیان تا ئاستی پێڕەوی کردن لە بیروباوەڕو عیبادەتی خۆیان پارێزراوبێت.

کاتێك بانگیشەی شەڕ لە ئەفغانستان بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی تالیبان و هەڵپێچانی باندەکەی بن لادن دەستی پێکرد، دنیا خەریك بوو دەبوو بە دوو قوتبەوە. قوتبێك تیرۆریزم و ملهوری ئەمریکای دەبینی بەڵام تیرۆریزم و تاوانکاری ئیسلامی سیاسی نابینی و قوتبەکەی دیکەش بە پێچەوانەوە. منصور حکمت بانگەوازی هاتنەمەیدانی قوتبی سێیەمی کرد لە دژی هەردوولای شەڕی تیرۆریستەکان. ووتی ئەم دوو قوتبە هەردوکیان مەحکومن نەك شەڕی لاوازکردنی یەکتریان. دنیای ئازادیخوازو موتەمەدن دەبێ لە دەوری شیعاری ئازادی و سکولاریزم لە دژی هەردوولایان بێتە مەیدان و کەلك لەوە وەرگرێ کە ئەمانە کەوتونەتە گیانی یەکتر. لەم ڕوانگەیەوە پەلاماری ئەمریکا بۆسەر دەسەڵاتی تالیبان و هەوڵی بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی ئەو باندە مەحکوم نەکرا، بەڵام هەموو کردەوەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە بۆردومانی شارەکان و کوشتاری خەڵك مەحکوم کرا. کۆمۆنیزمی کرێکاری بووە نوێنەری قوتبی سێیەم و هێزێکی چالاك و کاریگەری نیو بزووتنەوەیەکی جیهانی دژ بە پێشبرکێی قوتبە تیرۆریستەکان. کاتێکیش دەسەڵاتی تالیبان ڕووخا کۆمۆنیزمی کرێکاری بە هەموو توانا دژی ئەوە ڕاوەستا کە ئەمریکا تەحالوفی شیمالی وەکو بەدیلی تالیبان بەسەر خەڵکی ئەفغانستاندا داسەپاندو بەرگری توندی لە مافە سیاسی و مەدەنیەکانی ئەو خەڵکە کردو ووتی بڕیار لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە ئەفغانستاندا مافی خودی خەڵکی ئەفغانستانە. لەم بارەیەوە لەبەردەم کۆنفرانسی (بۆن)دا میتینگێکی گەورەی ڕێکخست کە دەنگدانەوەیەکی جیهانی پەیداکرد.

لە بارەی فەلەستینەوە کۆمۆنیزمی کرێکاری بە توندی دژی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕاوەستاو بەرگری لە پێویستی پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین کرد. ڕاگەیاند کە سیاسەتی ئەمریکا بۆ پشتیوانی لە دەوڵەتی فاشیست و تیرۆریستی ئیسرائیل و بە دیاریکراوی لە جەلادێکی وەکو شارۆن، سەرچاوەی ئەصڵی ئەو وەزعە دژی ئینسانیەیە کە لەوێ پێکهاتووە،

هاوکات دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیلی وەکو تاوانباری ئەصڵی ئەو کوشتو کوشتارو تیرۆریزمە لەقەڵەمدا کە هاتوەتەکایەوە. لە هەمان کاتیشدا تیرۆریزمێکی ئیسلامی کە وەکو کاردانەوە بەرامبەر تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیل پەرەی گرتو هەم بەدەوری خۆی گرفتی گەورەی بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین هێناو هەم چەندین تاوانکاری دژی ئینسانی خوڵقاندو دەستی ئیسرائیلی بۆ ملهوڕی زیاتر ئاوەڵاکرد، لەلایەن کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە بە توندی مەحکوم کرا.

ئەمڕۆش لە عێراقدا کە تەپڵی بەڕێخستنی شەڕێکی دیکە دەستی بە لێدان کردوە. ئێمە هاوکات لەگەڵ پێداگریو خەباتی بەردەوامامان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی فاشیستی بەعس، بە توندی دژی سیاسەتی شەڕخوازانەی ئەمریکا ڕادەوەستینو وەکو شەڕێك کە لە هەموو لایەکەوە کۆمەڵگای عێراق دووچاری وێرانیو کوشتو کوشتار دەکات، مەحکوم دەکەینو بە دەنگی بەرز بانگەوازی دنیا دەکەین بۆ وەستاوە بەرامبەری.

لە هەمانکاتدا لە جەرگەی هەر ئاڵوگۆڕێکدا کە بێتەپێشەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەکو بەدیلی ئازادیخوازیو ئینسانیەت لە کۆمەڵگای عێراقدا، تێدەکۆشێ لە پێناو شکاندنەوەی بارودۆخ بە قازانجی جەماوەری خەڵك. بەدیلی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ ڕژێمی بەعسو دەسەڵاتی بورژوازی جمهوری سۆسیالیستیە، تا کاتیکیش ئامادەیی پیویست بۆ بەرپاکردنی جمهوری سۆسیالیستی فەراهەم نەبێت، ئێمە تیدەکۆشینو بە توندی پێدادەگرین لەسەر ئەوەی کە دەبێ لە عێراقدا ڕژێمێکی مودێڕنی غەیرە قەومیو غەیرە دینی بێتە سەرکار کە مافە سیاسیو مەدەنیەکانی خەڵك بپارێزێ. ڕژێمێك کە پابەند بێت بە: بواردان بە دەخاڵەتی خەڵك لە دەسەڵاتو بەڕێوەبردن، ئازادی سیاسی، جیایی دین لە دەوڵەت، یەکسانی هەمەلایەنەی مافی ژنو پیاو، قانون کارێکی پێشڕەوانە... تاد، هەروەها کۆتایی بهێنێ بە ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کوردستان لەسەر بناغەی ئەو ڕێگاچارەیەی کە خودی خەڵکی کوردستان لە ڕاپرسیەکی گشتیدا لە نێوان مانەوە لە چوارچێوە عێراق یان جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا هەڵیدەبژێرن. ئەمانە میحوەرە گشتیەکانی پلاتفۆرمی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقنو لە جەرگەی هەر ئالوگۆڕێکدا کە بێتە پێشەوە بە توندی پێیان لەسەر دادەگرێو لە پێناو سەپاندنیدا تێدەکۆشیو خەباتی جەماوەری کرێکارانو خەڵکی ئازادیخوازی بۆ ڕێکدەخات. لە هەمان کاتدا ئەمانە بناغەی هەڵوێستو مامەڵەی ئێمەش لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێك لە دەسەڵاتی سیاسی پێکدەهنێ. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هاوکات لەگەڵ وەستانەوە دژی سیاسەتی شەڕخوازی ئەمریکاو جۆشدانی خەبات لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێمی فاشیستی بەعس لە ناوو خۆو لە ئاستی جیهاندا هەوڵدەدات زۆرترین هێزو پشتیوانی بۆ ئەم سەپاندنو مسۆگەرکردنی ئەم خواستانە کۆبکاتەوە.